**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**

# 15 پەنابەری کورد بە زۆر و لەژێر زەخت ولیدان و کەلەپچە دیپۆرتی شاری هەولێر دەکرێنەوە!

**پەیام نێری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی/هەولێر:**

بەدوای دیپۆرت کردنەوەی 15 پەنابەری کوردی عیراقی بۆشاری هەولێر لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە، ئەمرۆ پەیامنیرمان لەشاری هەولێرەوە وبەدوای چاوپیکەوتن و دواندنی یەکیك لەپەنابەرە دیپۆرت کراوەکان، لەپەیوەندیکی تەلەفۆنیدا راپۆرتیکی سەبارەت بەچونیەتی دیپۆرتکردنەوە و مامەلەی کاربەدەستانی حکومەتی بەریتانی و دەسەلاتدارانی کوردستان بەئیمە گەیاند کەلیردا دەیخەینەبەرچاوی هەمووان:

دۆینێ شەو20لەسەر 21 ی‌ئەم مانگە، کات ژمیر 12 شەو 15 پەنابەری کوردی عیراقی دوای ئەوەی بەدەستی کەلەپچەلیدراوەو لێدان لەژیر زەختیکی زۆردا، تەنانەت بەبێ ئەوەی هیچ وەرەقەیەك ئیمزا بکەن بۆ گیرانەوەیان بەرو فرۆکەخانەی لەندەن دەیان نیرین. ئەمە لەکاتیکدایە کە هیچ یەك لەپەنابەرەکان رازی نابن بە گەرانەوە. بەلام دەولەت زیاتر لە 30 پۆلیسی وچەندین گاردی تایبەت بۆکاری دیپۆرت کردنەوە دەکەونە لیدان و ناچارکردنی پەنابەرەکان بەسواربوونی فرۆکەکەو بەم جۆەر هەنگاوی‌یەکەمی سنورداشکردنەوەی بەزۆری پەنابەران لەلایەن حکومەتە دیموکراسی‌یەکەی تۆنی‌بلیەیرەوە دەست پێ دەکات. لەهەنگاوی دواتردا و پاش چەند سەعاتێ فرۆکەکە دەگاتە قبرس و لەوێ بەزۆر جل و بەرگی  سەربازی دەکەنەبەری پەنابەرەکان و سوار فرۆکەیەکی سەربازیان دەکەن وبەم جۆرەش بەرێ دەکرین بۆ شاری هەولێر. بەرلەدابەزینی پەنابەرەکان جاریکی‌تر جلوبەرگی سەربازیان پی‌دادەکەنن و جلەکانی خۆیانیان پی لەبەردەکەنەوە یەکی 100 دۆلار دەخەنە گیرفانەکانیانەوە وپاشان تەسلیمی حکومەتی پارتی دەکەن. دەسەلاتدارانی پارتیش بۆپیشوازی‌کردن لەم هەنگاوەی حکومەتی بەریتانیا پەنابەرەکان وەردەگری و پاشان دوای وەرگرتنی و فەحسی خۆین  و زانیاری  و دوای ماوەیەك دەیان بات لەنیوەراستی شاری هەولیردا بەرەلایان دەکات.

ئەم هەنگاوەی حکومەتی بەریتانیا بەدوای توندبوونەوەی رووداوەکانی جەنگ و تیرۆرو کوشتار لەشارەکانی عیراق وبالانسی نائەمنی‌یە هاوکات بەدوای سەردانی مەسعود بەرزانی بۆبەریتانیا وبەلێن دانی حکومەتی پارتی‌یە بۆ وەرگرتنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی بەبەهانەی ئامن بوونی کوردستانەوە.

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2005-11-21

www.federasion.org Tel:0 7734704742